# دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان

خوێندنەوەی: هاشم سەراج








(شەممورز) پاش ئەوەی
یەکەیەکە دەست دەخاتە سەرشانیان،
دەڵێت: ئازیزانم، پێویست ناکات
بسڵەمێنەوەو بترسن، چونکە
ئەو ڕووبارەی کە لەرۆخەکەیدا
ڕاوەستاون، یەکێکە لەڕووبارە
پیرۆزەکانی دنیا، لەپێشتر ئەو
شوێنەوە کەنۆزێك لەممووپێش،
بنای لێناو ئەو کردن، بێگومان
بەھەشتێکی جوانو بێگەرد هەیە،
کەناشێت و ناکرێت بەو هەموو
گوناهەوە کە لەژیانماندا کردوومانە،
گوڵو گوڵزارو دارو درەخت و
دەوەنە سەرمەدییەکانی ئەوێ
ببینین، دەبێت لەهەردوو بەری
ڕووبارەکەداو بەرامبەر بەیەك دوو
پەرستگای هاوشێوەو لێکچوو
دروست بکەین، پاشان کەسانێکی
دەموچاو نورانیو دەروون پاك
لەشوێنێکی تری دنیاوە بهێنینە ئەوەو
ئیشوکاری هەردوو پەرستگاکەیان
بدەینە دەست، دەبێت سەرجەم
دوعاکانمان فێربکەن و ئێمەش
پەیتاپەیتا لەدوویان بیڵێینەوە، بەڵکو
یەزدان لەگوناهەکانمان ببوورێت و
لەناوەوە پاکمانبکاتەوە، ئەوە پاش بزانن
یەزدان بەهۆزرا ئێمەی لەتۆفانو
گەردەلوولی دەریاکە ڕزگار نەکردووە،
دەبێت ئەم دوورگەیە ئاوەدان
بکەینەوە.

دەکرا بگوترا تۆمارکردنی چرکە جوان و ترسناکەکانی دنیای ئاڵۆزی یادەوەری بەدایساندنی حاڵەت و لە کەشوهەوایەکی فەنتازی و میتۆلۆژیدا دیارترین سیفات و خەسڵەتی ئەم رۆمانە با، فەنەری یادەوەرییەکان لەرێگەی یادگەی نائاگاییەوە هەڵدەکرا و بەهۆی دەرکەوتنی شتگەل و بوونەوەری جیاجیا کۆمەڵێک رووداوی پڕ خۆشی و ناخۆشی و دیمەنگەلێکی سەردەمی منداڵی وەبیردێننەوە، بەم جۆرە کردە نۆستالژییەکان روو لە دارژان دەکەن و هێدی هێدی هێما میتۆلۆژییەکان دێننە ئاخافتن و سرووتگەلێکی ترسناکی خورافی دەخرێنە روو، ئەگەر دوورگەی (سین)، سەر بەکۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپی میتۆلۆژی و یۆتۆپی بێ، هاوکات خەسڵەت و تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵقەندەکانی بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، بەتایبەتی کۆشك و تەلاری "کرالڕ"و چەوساندنەوەی کۆیلەکان.

بۆ یەکەمجار، تابووتێک فرێدرایە نێو ئەو تاکە رووبارە بێکۆتاییەی ) کەدوورگەی "سین"ی دەکردە دوو کەرتی یەکسان و هاوتاو هاوشێوە، بەچەشنێک کە لەبەشێکی دوورگەکەدا گەرابایت، وات دەزانی لەبەشەکەی تردایت)..ئەی هەردوو کۆشکەکەی "کرالڕ" کە دەکەوێتە پشت هەردوو پەرستگاکەوە، کۆشکی"کرالڕ" لە شانزە منارەی بەرز و هەشت ساختمانی بازنەیی پێکهاتبوو،...تاد

لەدەستپێکی ڕۆمانەکەوە هێماگەلێکی تەوراتی خۆی بە خوێنەر دەناسێنآ، لەوانە هەڵدانی تابووتێک بۆ نێو ڕووبارە بێکۆتاییەکەی دوورگەی"سین". کە ئاماژەیە بۆ تابووتی پیرۆز و نهێنی گەلێک لەڕێنماییەکانی بونیادنانی هەیکەلی دێرینی تێدا باسکراوە، هەروەها چێکردنی"کەپرەشینە"ی جووەکان لەوەرزی پاییزدا، تا مراِزیان حاسلرٍ بێ، دواجار گۆڕینی ناوی کاراکتەری ڕۆمانەکە لە"دارۆ"ەوە بۆ "مووسا"، یان بەپێچەوانەوە..هەندآ لەهێما تەوراتییەکان بەشێوەو شێوازێکی نوآ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.. بەتایبەتی تابووتی پیرۆز و سەرگوروشتەی"مووسا"ی پەیامبەر.. ئیتر تادآ کردەی نووسین بەشێوەیەك هەوڵی فەراهەمکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوایەك دەدا، تا لەڕێگەی وەسفکردنی فەزا و بارودۆخی دوورگە خورافییەکانەوە هێزی چرکەساتە نۆستالژییەکان لەلای کاراکتەری سەرەکیدا بتەقێنێتەوە، بۆیە هەست دەکەین یادەوەرییەکانی "دارۆ-مووسا"، پانتاییەکی بەرفراوان لەجیهانی نۆقڵێتەکە داگیردەکەن.. بەتایبەتیش سەگوروشتەی باپیری دارۆ و زوڵم و ستەمی عوسمانییەکان و نووسینەوەی کتێبە ئەفسانەییەکە لەلایەن باپیرییەوە، هەست دەکەین یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی بەلەز دادەڕژێن و کۆمەڵێک حاڵەتی لێوڕێژ لەئولفەتی بەرائەتئامێز دەخەنەڕوو ( تا لەڕۆژێکی هاویندا کا
تێک لەسەربانە گڵێنەکەی ماڵی باپیرەمدا کۆلارەم هەڵدەدا، داپیرەم لەحەوشەکەوە هاواری لێکردم و گوتی"مووسا" تەپ و هوڕ مەکە، باپیرت لەژوورەکەدایە).. یان هەڵڕشتنی بیرەوەرییەکانی سەردەمی قوتابخانەو ڕەفتاری هەریەك لە مامۆستایەکان،.. بەڵام کآ ئەو دوورگە ئەفسانەییەی دۆزییەوە، ئەی کآ "کراِڵ"ی لەشێوەی دیکاتۆرێک پێگەیاند، تا نەوە لەدوای نەوە حوکمراِنی ئەو دوورگە ئەفسانەییە بکا.. ڕاستە –شەهموز- وەك جەربەزەترین و سەرکەشترین دەریاوانێکی گەڕۆك بەدوای دۆزینەوەی دوورگەیەکی ئاوا ئەفسانەیی شەیدا و عەوداڵە، بەڵام –شەهموز- سەر بەکراِڵێکی ترەو پێویستە پلانەکانی ئەو جێبەجآ بکا، ئەگەر نا گەراِنەوەی مەحاڵە، واتا –شەهموز- کە دوورگەکە دەدۆزێتەوە کۆڵۆمبسێکی سەربەست و ئازاد نییە، یان ڕێبوارێکی بوێر، بەرێکەوت ئەو دوورگەیەی دۆزیبێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە هەمان شێوەی دەسەڵات حوکمراِنی بۆ دوورگەکە دەگوازێتەوە.. ڕۆمانی ( دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان) کە لە نووسینی "یوسف عزالدین رووف"ە تیایدا کردەی نووسین زۆر بەوردی

لەتایبەتمەندیی دوورگەی -سین- دەدوآ و لەرێگەی شێوازی واقیعیەتی سیحری و میتۆلۆژی گوزارشت لەڕووداو و شتگەل و بوونەوەرەکان دەکا و هاوکات مۆرکی گێڕانەوە و دەنگی کەسی یەکەم بەردەوامی بەهەناسەی نووسین دەبەخشآ و چەند بەشآ لەدیمەنە ترسناك و ئەفسانەییەکانی تێکستەکە بەکەشوهەوایەکی هێماکاری دەخرێنە ڕوو، بەتایبەتی وەسفی شوێن و فرِندە و پەلەوەرە سەیر و سەمەرەکان، کاتآ شکلڕ و شێوەو قەبارەیان دەبەزێنآ، یان وەسفی ڕووبارە ئەفسانەییەکان و دوورگە میتۆلۆژییەکەی-سین- چەند مەفتەنگەلێکی سیحر ئامێزی ڕۆمانەکانی "مارکیز"مان دێننەوە یاد، هەروەها درکاندنی سەرگوروشتەی "مووسا"ی خەڵکی شاری -هۆرا- و گەیشتنی بە دارستانەکانی چیای"زاگرۆ" و هەوڵی دەربازکردنی کۆیلەکانی دوورگەی "جالۆ"و..یان ناوهێنانی کۆمەڵێك شوێن و دەڤەری تری وەك وڵاتی -کزر- و پردی -مرۆخ-و شارۆچکەی -هاجوول- ئەمانە چەندین شوێنەواری مێژووین و هەندێکیان لەسیفرەکانی "تەورات"دا ئاماژەیان پێدراوە و لەزەمەنی نووسینی ئەم بەرهەمەشدا بوونەتە بەشێکی شاراوەی شوێنەوارە سەیر و سەمەرەکانی دوورگەی -سین-، بەڵام بەنیسبەت زەمەنی تێکست واتە زەمەنی نووسینی ڕۆمانەکە، لەرێگەی کەرەستەگەلێکی دێرینی میتۆلۆژی و ڕووداو گەلێکی نۆستالژیدا خۆی دەدۆزێتەوە و هاوکات گێڕەوە بەهۆی زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی گوتار پشتگوآ ناخا و گوزارشت لەکێشە و مەرگەساتەکانی ئێستا دەکا، بە تایبەتی ڕەفتارە توندوتیژ و نامرۆڤەکانی کراڵەکانی سەردەم و لەخشتەبردن و چەوساندنی مرۆڤە سادە و بێتاوانەکان.. ئیتر لەو دیو تێکستی حەکایەتە نەنووسراوەکاندا، هاڵاوی ئاگرێکی بڵێسەدار هەس و پەیوەستە بەساتەوەختەکانی عیشقی -نەوا-وە.. -دارۆ- بەم شێوەیە وەسفی ڕووخساری -نەوا- دەکا:( ڕەشپێستێکی قژ لوولی چوار شانەی باڵا بەرزی لچ ئەستوور بوو، قامکەکانی گەورە و درێژ و قەوی بوون، چاوەکانی کز و گچکە و پووکاوە بوون، جگە لەوەی تیل بوون.. ڕیزآ ددانی بەشی سەرەوەی تاقم و ڕیزەکەی خوارەوەشی چەند ددانێکی لێ دەربچێت، زەرد و کلۆر و ڕەش داگەڕاو بوون.. ئەو تاقانەی داك و بابێکی هەژار بوو، کە بەبنەچە دەچوونەوە سەر ئەو خێڵەی کە بەناچاری پێش چل پەنجا ساڵێك لەمەوبەر پاش ئەوەی ماڵ و حاڵیان هەراجکردن، بۆ هەتا هەتایە بەشێکی زۆریان شاریان جآ هێشت).

نەوا- زاری هەڵهینا و گوتی: ( کەمنداڵ بووم، باوکم لەدەستپێکی هەموو - پاییزێکدا، بەچرپە بانگی دەکردم و دەیگوت: وەرە باپێکەوە کەپرە شینکە چآ

بکەین، بەڵام لای کەس باسی نەکەیت، باشە کچی خۆم)...( پاش بەسەرچوونی ساڵێک لە پێوەندیمان کەقەوول بوو وەك هەموو رۆژێک لەکات و شوێنی دیاریکراودا، ئامادە بێت، لەپەنا درەختێکدا چاوەرێی بووم، کەچی نەهات؟!!
پاش ساڵانێکی دوور و درێژ، بەدار تێلی یەکێك لەشەقامە لاچەپەکەکانی شارەوە پۆستەرێکی هەڵواسراوم بینی، کە ناو و وێنەی ئەوی پێوە بوو، هێندەی لەسەر نووسرا بوو: ( نەوا.. لەرۆژی سێشەممەی مانگی گەلارێزانی ساڵی لافاوە گەورەکەدا لەشاری بەغدا لەسێدارە درا).
هەندآ جار یادەوەرییەکان بەدوور و درێژی دەگێڕدرێنەوە وخوێنەر لەفەزا ئەفسانەییەکانی دوورگەی –سین- دادەبڕآ و خەریکە هەژموونی لێشاوی یادەوەرییەکان لەسیحرییەت و گەرموگوری دەقەکە کەم دەکەنەوە و مۆرکی واقعییەت بەزەقی دەسەلاتی خۆی دەسەپێنآ.. شایانی باسە دەقی –دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان- بەشێوازی واقیعی و سیحری مامەڵە لەگەلڕ چەندین جۆرە تەیر و توالڕ و جرِ و جانەوەر و دەعبا و ئاژەڵی کێوی دەکات، لەوانە: قومری و کوکوختی و کوندەپەپوو و حەوت رەنگیلە و پەپووسلێمانکە و کۆتری حاقوو...یان رەنگی جیاواز جیاوازی شیعریی فانتازیی بەهەندآ لەجانەوەرەکان دەبەخشآ، لەوانە ژیشکی سپی و سمۆرەی رەش.. بەتایبەتی کاتێک وەسفی ڕاڕەوەکەی پشت ژووری کراڵڕ دەکات، دیمەنەکە مانەندی تابلۆیەکی تۆقێنەر.. کەشوهەوای تاقیگەی پۆلی شەشەمی ئامادەیت بیر دەخاتەوە:( ڕاڕەوێکی تابلێی دوور و درێژ و پان هەبوو، کە لە زۆر شوێندا حەوزی تایبەت بەماسی عەجایب و شووشەی سەرداخراوی پرِ لە دووپشك و مار و قرژالڕ و مشکی سپی و رۆبیان و کرمی رەنگا و رەنگ و لوولپێچ دانرا بوو.. بێجگە لە شووشەیەکی زۆر گەورەی پرِ لەسەرە مێکووتە، کەخرابووە سەر مێزێکی بەرز،.. وێڕای مامەڵەکردنی پرۆسەی نووسین لەگەلڕ چەندین چەشنە گولڕ و ڕووەك و گژ و گیای دەگمەن و ناوازە کە لە دوورگەی –سین-دا و لە رۆخ رووبارە سیحراوییەکەدا بەرچاو دەکەون، هەروەها سوود وەرگرتنی تێکست لە دنیای مۆمیا و خەواندنی موگناتیسی و چەندین جۆرە داب و نەریتی ناوچەکانی گەرمیان، نەخوازەڵلا هەندآ لایەنی خەیالڕ و فەنتازیا ئامێزی حەکایەتەکانی گوآ ئاگردان، وەك لەرۆمانەکەدا هاتووە : ( داپیرەم پێش گێڕانەوەی هەر حەکایەتێك، فەقێیانەکەی توند دەکردەوەو مێخەك بەندەکەی ملی بۆن دەکرد و فێسەکەی سەری ڕاست دەکردەوە.. پاشان پریاسکەکەی دەردەهێنا، کەپرِ بوو لەموورووی عەجایب و چەندین پارچە زێڕ

و زیو و یاقووتی‌َك كه به‌دریَژایی سالآنی ته‌مه‌نی كۆی كردبوونه‌وه، دوای ئه‌وه‌ی كه له سه‌ر ده‌سته‌سریَكی ئاوریشمینی گوڵ گوڵی هه‌ڵیده‌ڕشتن... سپییه‌كان مووروویی رزق و زه‌رده‌كه‌یان مووروویی به‌خته‌وه‌ری و شینه‌كه‌یان مووروویی چاوه‌زار و ڕه‌شه‌كه‌یان مووروویی ئه‌قلڕ و قاوه‌ییه‌كه‌شیان مووروویی (ته‌مه‌ن دریَژی بوو.

ئیتر دیویَكی دیكه‌ی ڕۆمانه‌كه، یان ئه‌و دیوی حه‌كایه‌ته نه‌نووسراوه‌كان، به‌شیَوه‌یه‌كی ناڕاسته‌وخۆ ئاماژه به جه‌ور و سته‌میَك ده‌دا كه سه‌رتاسه‌ری ژیانی مرۆڤایه‌تی داگرتووه و كراڵه‌كانیش كاریگه‌رترین سه‌به‌بكاری ئه‌م مه‌رگه‌ساته‌ن، ئه‌وان نه‌وه‌ی نه‌وه دوای نه‌وه، دیَن و به‌رده‌وامیی به‌م كاره‌ساته هه‌مه‌جۆرانه ده‌ده‌ن و مرۆڤه ساده و بیَگوناهه‌كانیش هه‌میشه و به‌رده‌وام ده‌بنه سووتوو و خۆڵه‌كه‌وه‌ی ئامانجه بیَهووده‌كانی كراڵه سته‌مكاره‌كان و تادآ كاراكته‌ره‌كان دووچاری جۆریَك له‌نیگه‌رانی و ڕاڕاییی دیَن، هه‌تا كاهینی په‌رستگه‌كانی دوورگه‌ی –سین- له‌ناخ و گیانرا دژی ڕه‌فتار و هه‌ڵسوكه‌وتی كراڵڕ ده‌وه‌ستن و نارازین له‌كرده‌وه ناله‌باره‌كانی، نه‌خوازه‌ڵڵا له چه‌وساندنه‌وه‌ی كۆیله و سۆزانییه‌كان.. یان ئه‌و ئافره‌ته شه‌نگانه‌ی به زۆره ملیَ موماره‌سه‌ی سیَكسیان له‌گه‌لڕ ده‌كریَت و هه‌ندآ جار هه‌وڵی خۆ ده‌ربازكردن ده‌ده‌ن.. بۆیه كاراكته‌ری سه‌ره‌كی تیَكسته‌كه، به‌رده‌وام له‌گه‌لڕ چركه خۆشه‌كانی یاده‌وه‌ری ده‌ژی، واته سه‌رتاسه‌ری گیانی بۆته پارچه‌یه‌ك له نۆستالژیا و به‌تایبه‌تیش یاده‌وه‌رییه‌كانی له‌گه‌لڕ –نه‌وا- و ئه‌و ساته‌وه‌ختانه‌ی له‌گه‌ڵ باوك و باپیره‌ی له‌بازاری شار و شارۆچكه‌كانی گه‌رمیان ده‌سووڕانه‌وه و بازاڕی ئاسنگه‌ر و زه‌ره‌نگه‌ڕ و ورده‌واڵه فرۆشه‌كان... ئه‌و ئولفه‌ت و هۆگرییه جۆریَك له ئاسووده‌گی پآ ده‌به‌خشآ و هه‌ست ده‌كا.. تا دآ ساته وه‌خته به‌خته‌وه‌رییه‌كان له‌ده‌ست ده‌چن و ژیانیش ده‌بیَته دۆزه‌خیَك له ئاگره‌كانی زوڵم و سته‌م.. كه‌واته له‌و دیو تیَكستی حه‌كایه‌ته نه‌نووسراوه‌كاندا، زه‌مه‌نیَكی ونبوو و له‌ده‌ستدراو هه‌س، كه سه‌ر به سه‌رده‌می منداڵی "مووسا-دارۆ"یه و به‌شیَكی ته‌واوی چركه‌ساتی خۆشی و ئارامی و دڵنیایی له‌گه‌ڵ خۆیدا هه‌ڵگرتووه.

ناوی كتیَب: دیوێكی دیكه‌ی حه‌كایه‌ته نه‌نووسراوه‌كان

بابه‌ت: ڕۆمان

نووسینی: یوسف عزالدین

چاپ: چاپخانه‌ی شڤان

چاپی یەکەم: سلێمانی/2006
تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە -116دا بڵاو بۆتەوە.